# ناهەقیەکانی گۆران بەرد دێنێتە قسە

**بەڕێز باساکی**

**لە سەرەتای ئەم مانگەداو لە سایتی کوردستان نێت نوسینێکی (گۆران محمد)م خوێندەوە بە ناوی (حکومەتی هەربێنە)، ئەگەرچی نە من ئەم گۆران ناوە ئەناسم و نە ئەو من ئەناسێت بەلاَم هێندەی ناهەقی تێدایە بەرامبەر حکومەتی هەرێم کە بەرد دێنێتە قسە، ئەگەر ئێوەش بڕوا ناکەن فەرمو با پێکەوە چاوێکی خێرا بە نوسینەکەیدا بخشێنین و ئەو کاتە من ئێوە ئەکەم بە دادوەر بزانن ئێوەش وەك من پێتان وانیە کە قسەکانی گۆران هەموی ناهەقیەو لە دەرونی ڕەشی ئەو کەسانەوە دەرئەچێت کە چاویان بە ئەزمونە بێ وێنەکەی کوردستاندا هەڵنایەت.**

**سەرەتا ئەم نوسەرە ناونیشانی نوسینەکەی (حکومەتی هەربێنە) یە، دیارە ئەوەی حکومەتەکەمان بناسێت ئەزانێ وانیەو بە پێچەوانەوە بگرە زۆر بەخشندەیە، جارێ ئەمە با بمێنێت لە دواییدا دێمەوە سەری. گۆران لە جێگەیەکی نوسینەکەیدا ئەڵێت (دەزگاکانی حکومەت بەم دواییە هەڵیان کردۆتە سەر ئەو کارمەندە کوردانەی کە زۆرینەیان گەنجن و لە ئاژانسەکانی یوئێندا کاردەکەن و داوایان لێکردون کە باج – سەرانە– لەسەر موچەکانیان بدەنە حکومەت) .... منیش دەڵێم کاکی نوسەر زانیاریەکەت تەواو نیە، جارێ ئەوەی حکومەت داوای کردوە باج نیە بەڵکو پێی دەوترێ (کرێی خزمەتگوزاری) ئەمەش لە بری ئەو خزمەتگوزاریە کەم وێنانە دێت کە حکومەتەکەمان پێشکەشی هاولاَتیانی ئەکات لەم دەڤەرەدا، دیارە تۆی دانیشتوی هەندەران مودەتێکی زۆرە نەهاتویتەوە بۆ سەردانی کوردستان ... من پێشنیاری ئەوە دەکەم بۆ کاك گۆران کە بەم نزیکانە سەردانێکی شاری سلێمانی بکات تا بە چاوی خۆی ببێنێت ئەم حکومەتە داماوە چی ناکات بۆ ئەو خەڵکە ... وەرەو ببینە چۆن بۆری غاز بۆ ناو ماڵان ڕاکێشراوە و ئەو زەمەنە بەسەر چوە کە بوتڵە کۆنەکانی ساڵی هەفتاکان پڕ بکرێنەوە و بە تراکتۆر بۆ گەڕەکەکان بڕوات وزرمەی فڕێدانە خوارەوەی هەناوی هاولاَتیان داتەکێنێ !! وەرەو ببینە چۆن ئاسەواری تۆپەڵە وایەری موە لیدە بۆ هەتایە نەماوە و دیمەنی شارەکەمان ناشێوێنێ، وەرەو ببینە چۆن گەڕەکە هەژارنشینەکان تەنکی سەربانەکانیان دەفرۆشن چونکە ئیدی ئاو بیست و چوار سەعاتەیەو پێویستیان پێنەماوە. . وەرەو ببینە چۆن سەرو ماڵو ئاسایشی هاولاَتیان پارێزراوە و کەس شەوان پێویستی بە داخستنی دەرگا نیە بەڵکو ئەتوانی بە ئارامی چاو لێك بنێیت و بنویت. وەرەو پیاسەیەك بە شەقامەکانی شاردا بکە و بزانە بۆ دەرمان تاسەو چاڵو چۆڵیەك ئەبینی، خۆ ئەگەر بێت و بۆ کارێکی خزمەتگوزاریش شەقامەکان هەڵبکەنرێت ئەوە هەر هەمان ڕۆژ چاك دەکرێتەوە و قیرتاویش ئەکرێت. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نرخی پسولەی (ئاو، کارەبا، تەلەفۆن) لە دابەزینداو گۆترەکاری زەمەنی بەسەر چوو، نازانم باسی چیتر لەو خزمەتگوزاریانەت بۆ بکەم کە بە شەو وو بە ڕۆژ پێشکەش بەم خەڵکە ئەکرێت !!!**

**کاك گۆران پێی سەیرە کە حکومەت قەرزی دوو ساڵ پێشتر ئەسێنێت، ڕاستە منیش ئەڵێم بڕیاری وەرگرتنی باجەکە ساڵی 2001 دەرچوە بەلاَم قەیچێکە خۆ کوفر نابێت پارەی ساڵێك زیادەیان لێبسێنرێت پاشان قەرز هەر قەرزە کۆن ئەبێت بەلاَم نافەوتێ، مەسەلەکە بە تەنها قەرزیش نیە بەڵکو حکومەتەکەمان لە دەستپێشکەریەکی بێ وێنەدا بوەتە یەکەم حکومەت کە باج (ببورن خزمەتگوزاری) پێشەکی وەرئەگرێت و با دڵت خۆش بکەم ئێستا سەرجەم هاوڕێکانت پارەی تا ساڵی 2003 یان لێسەندراوە.**

**کاکی نوسەر لە جێگەیەکی تردا ئەڵێت گوایە ئەم زانیاریانەی لە چەند هاوڕێیەکی دەست کەوتوە کە ناتوانێت ناویان ببات چونکە لەوە ئەترسێت کە ئەگەر ئاشکرا بن لە وانەیە لە بری ئەو ڕێژە موچەیە هەموو موچەکەیان**

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
217-8-02 18:02:10

**لوش بدەن، جارێ با پێت بڵێم حکومەت پێویستی بە تۆ نیە ناوی ئەو خەڵکانی بدەیتێ بەڵکو خۆی لیژنەی تایبەتی داناوە کە نەك موچە دەسێنێت بەڵکو لە زیندانیشیان توند ئەکات، کێشەی ئێوەی دوورە وڵات ئەوەیە کە ئاگاتان لە هەندێ شت نیە ئەگینا دەتبیست کە چۆن تا ئێستا دوو وەجبە خەڵك لە سلێمانی زیندانی کراوە (بۆ مەسەلەی تۆمەتیش بێ خەم بە لێی ئاسانتر نیە) لە بەرئەوە ئامۆژگاریم بۆ برادەرەکانت لە هەولێر ئەوەیە بە عاقڵی دانیشن با بە دەردی برادەرانی سلێمانی نەچن.**

**پاش هەمو ئەمانە کاك گۆران لە جێگەیەکی تردا ئەپرسێ : (باشە ئەم باجە لەو بەرپرسانەی حکومەت دەسەندرێت کە سێ جاری موچەی کوفی ئەنان وەرئەگرن ؟) ... بەڕێزینە لەم پرسیارە کورتەدا دوو ناهەقی گەورەی تێدایە. یەکەمیان هیچ کام لە بەرپرسە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێم ئەو موچە زۆرە وەرناگرن کە تۆ باسی ئەکەیت دەنا ناچار نەئەبون پارەی دەعوەت و گەشت و گەڕانەکانیان بخەنە سەر حسابی نەسریەی وەزارەتەکان، لە لایەکی تریشەوە پرسیوتە ئایا باج لە بەرپرسەکان وەرئەگیرێت، لە وەڵامدا ئەڵێم : بەڵێ، بە دڵنیاییەوە باج لەوانیش وەرئەگیرێت. هەرچەندە تۆش وەکو برادەرێك — کە چاوی بە ئەزمونە سەرسوڕهێنەرەکەی کوردستان هەڵنەئەهات —لەوانەیە بڵێی" بەرپرسەکان هەرچ باجێك بدەن گرنگ نیە چونکە دواجار بە بەخشینی پارچە زەویەك قەرەبوی پارەکەیان بۆ ئەکرێتەوە" ... خەڵکینە ئەگەر بە ویژدانەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین ئەبینین کە ئەوان زۆر مەغدورن چونکە کوا بە ناشوکری نەبێت زەوی باش ماوە ئەدی هەموی دابەش نەکرا، بڕوا بکەن ئەو زەویانەی ئێستا ئەدرێتە کەسوکاری ئەو داماوانە پارەیەکی ئەوتۆ ناکات، کاتێکیش خۆیان دەیانەوێ بیکەنە خانو ئەوە هەر زۆر بە زەحمەت بۆیان ئەکرێت، ئەگەر بڕواش ناکەن تەماشای ئەو چاوپێکەوتنە بکەن کە ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە گەڵ بەڕێز سەرۆکی شارەوانی سلێمانی ئەنجامی داوە کە زۆر بە ڕاشکاوانە ئەڵێت توانای تەواوکردنی خانوەکەی نیە، ناچار بە دەیەها تەن شیش و چیمەنتۆ و پارەی بە یارمەتی لە حکومەت وەرگرتوە ... دیارە وەزعی ماددی بەرپرسەکانی تریش لەم داماوە چاکتر نیە.**

**کاکی نوسەر لە دوا دێریدا دەپرسێ (ئەگەر یاسا هەیە ؟ با بۆ هەموان بێت ...)، سەیرە کەسێك گومانی لە بونی یاسا هەبێت لەم دەڤەرەدا !! ... نازانم کاك گۆران مەسەلەی یاسای بۆ وا بە زەحمەت وەرگرتوە ؟!، کاکی برا تۆ پێم بڵێ چی لە دەرکردنی بڕیاری یاسایی ئاسان ترە ؟، جاران سەرۆك صدام ئەیوت : (یاسا چیە ؟ ... یاسا بریتیە لەو دێڕ دوو دێڕەی کە خۆمان ئەینوسین)، من بڕوام وایە یەکێك لەو کارە باشانەی کە حکومەتی خۆمان ئەیکات دووبارەکردنەوەی هەنگاوە سەرکەوتوەکانی صدامە، ئەوەتا حکومەتی خۆمان ڕۆژانە بڕیار لە سەر بڕیار دەرئەکات و ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك جێ بەجێ نەکرا ئەوکاتە چی لە گۆڕینی ئاسانترە ؟. لە سەرەتای هەموو بڕیارێکدا نوسراوە (بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان بە خشراوە ...)، ڕاستە منیش ئەڵێم پەرلەمان دەسەڵات ئەبەخشێت بە لایەنی تەشریعی و ئەوانیش یاسا دائەڕێژن، بەڵام چی بکەین وا ئێستا پەرلەمانەکەمان ئیکسپایەر بوە خۆ ناکرێ دەستەوەستان دانیشین، دەسەڵاتەکە خۆمان بە خۆمانی ئەبەخشین و هەر خۆشمان بڕیاری لە سەر دەرئەکەین و ئیلغاشی ئەکەینەوە، بۆ ئەمەش سودێکی زۆرلە بڕیارەکانی — نەك تەنها زەمانی صدام بەڵکو عبدالرحمن عارف و عبدالسلام و عبدالکریم و بگرە قۆناغی پاشایەتیش — وەرگیراوە ... ئەمەش گشتگیری ئەم حکومەتە زیاتر بەرجەستە ئەکات. . هەر بۆنمونە ئەو بڕیارە یاساییەی باس لە سەندنی کرێی خزمەتگوزاری یان گۆران واتەنی(باج و سەرانە)ئەکات پشت ئەستورە بە بڕیاری ژمارە 20 ی ساڵی 1940 کە حکومەتەکەمان (بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێێ بەخشراوە) هەندێ گۆڕانکاری تێدا کردوە تا لە گەڵ ئەم بارو دۆخەدا بگونجێ، ئەمەش شتێکی ئاساییە مەگەر نەتانبینی چۆن لە وڵاتێکی وەکو سوریادا**

www.kurdistannet.org

تەنانەت خودی دەستوریش لە بەر خاتری (بشار الاسد) گۆڕدرا و ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت پاڵێوراوی سەرۆکایەتی کۆمار نابێت لە 40 ساڵ کەمتر بێت کەمکرایەوە بۆ 34 ساڵ و ڕێك پڕ بە بەری بشار دوورا ... ئێمەش ئەزانین چۆن یاساکانمان ئاوا ئەگونجێنین، هەرچەندە چەند ناحەزێك بە گاڵتەجاڕیەوە وتویانە حکومەتی هەرێم بە یاسایەك باج لە ستافی یوئێن دەسێنێت کە لە ساڵی 1940 دا دەرچووە، واتە ئەو کاتە نە عێراق کۆماری بوە و نە یو ئێنیش هەبووە بەڵکە ئەو کاتە کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) هەبوە. لە وەڵامدا ئەڵێم دەستیان خۆش بێت وا بڕیاری 65 ی سەرۆکی هەرێمیشی بە دوادا هات کە بە پێ‌ی یاسا ئەگەر باج نەدەن غەرامەی 30 هەزار دینار ئەکرێن و لە زیندانیش توند ئەکرێن.

ئینجا با بێمە سەر ناهەقیە گەورەکە، کە ناونیشانی باسەکەیە، ئەوەی یەك تۆز ئاگاداری باری ناوخۆی ئەم حکومەتە بێت دەزانێت کە ئەمە(حکومەتی هەربێنە) نیە بەڵکو بە پێچەوانەوە یەکێکە لە بەخشندەترین حکومەتەکانی دنیا، ئاستی بەخشندەیی ئەم حکومەتە بە شێوەیەکە کە هەرچی گروپ و لایەنێك لەم کوردستانەدا خاوەن میلیشیاو چەکە، زۆر بە بەخشندەیی مانگانە و بێ دواکەوتن هەقی خۆیان لە و موچەیە وەرئەگرن کە بۆیان دابینکراوە، ئەمە تەنیا حیزبە هاوپەیمانەکان ناگرێتەوە بەڵکو ئەوانی تر بە نەیارەکانیشەوە ئەگرێتەوە. ئەوەتا گروپێکی وەکو بزوتنەوەی ئیسلامی کە دەیان جار تا ئێستا لەگەڵ (ینك) بەشەڕ هاتوە و سەدەها تۆپ و موشەکیان بەیەکەو ناوەو سێ ئەوەندەش قسەی سوکیان بەیەکتری ووتوە کەچی (ینك) دەستبەرداری یارمەتی دانیان نابێت بە پارەو چەك و تەقەمەنی، ئەمەش نە پیاهەڵدانە و نە درۆ هەڵبەستن، هەمو لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە بە چاوی خۆمان دیمان کاتێ بەڕێز (مام جلال) لەگەڵ (خزمانی) عەشیرەتی (تاوەگۆزی) کۆبوەوە زۆر ڕاشکاوانە ووتی: (بەڕێزینە ئێمە نایشارینەوە کەهەردەم یارمەتی بزوتنەوەی ئیسلامیمان داوەو مانگی یەك ملیۆن دینارمان داونەتێو بەردەوامیش ئەیاندەینێ، ڕەنگە پێتان سەیربێت کە بڵێم چەك و تەقەمەنیشمان داونەتێ !!).

خوێنەری بەڕێز لە کۆتاییدا ئەڵێم ئێوەش پێتان وانیە کە بێ ویژدانیەکی گەورەیە کە حکومەتێك ناوبنێین (حکومەتی هەربێنە) لە کاتێکدا ئەو پارە لە ڕۆڵەکانی میللەتەکەی دەسەنێت وئەیداتە چەك وتەقەمەنی و ئەیداتە ئەونەیارانەی کە دواتر ئەینێن بە خۆیەوە !!!

تێبینی / داوای لێبوردن لە حکومەتەکەی هەولێر ئەکەم، لەبەرئەوەی خۆم دانیشتوی شاری سلێمانیم زیاتر ئاگاداری کاروباری حکومەتەکەی خۆمانم هەرچەندە پێم وایە کە ئەوەی هەولێریش بە هەمان ئاڕاستە کار ئەکات بەڵام بەلامەوە ڕەوا نەبو کوێرانە بکەومە داکۆکی کردن لێیان، هیوادارم کە سود لە هەموو کارە باشەکانی حکومەتەکەی سلێمانی وەربگرن.

سلێمانی – 2002/8/16